پارتی: تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵ یەکێتی لەبارەی پێستی سەرکەمار نەکراوە



لە کاتێکدا چاوەکان لەسەر ئەنجامی کۆبوونەوە باڵاکەی پیرمام بوون، سەرچاوەیەکی بەرپرس لە پارتی دیموکراتی کوردستان ئاوی ساردی بەو دەنگەیانەدا کرد کە باس لە ڕێککەوتنی کۆتایی دێکەن لەگەڵ یەکێتی لەسەر پێستی سەرککەمار و ڕایگەیاند: تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە.

چوارشەممە، 11ـی شوباتی 2026، سەرچاوەیەکی لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو زانیارییانەی ڕەت کردەوە کە ئاماژە بە گەیشتنە ڕێککەوتنی کۆتایی دێکەن لە نێوان پارتی و یەکێتی سەبارەت بە دیاریکردنی کاندیدی پێستی سەرککەماری عێراق.

ئەمە لە پیرمام کۆبوونەوەیەکی باڵا لە نێوان شاندی مەکتەبی سیاسیی هەردوو حزب بووچوو. هەرچەندە میدیاکان پێشبینیی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنیان دەکرد، بەڵام سەرچاوەکەی پارتی ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: "تا ئێم ساتە هیچ ڕێککەوتنێکی فەرمی لە بارەی پێستی سەرککەمارەوە واژۆ نەکراوە و هەر هەواڵێک لەم بارەیەوە بڵاو کرابێتەوە، دوورە لە ڕاستییەوە."
پێشتریش ئیشواق جاف، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، ئاماژەی بەوە دابوو کە لە کۆبوونەوەکانی

هەفتەی رابردوودا چەندین پێشنیاز گەیشتە کراون و ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی هەردوولا کراون بۆ بیاردان، بەڵام دیارە هێشتا بڕیاری کۆتایی نەدراوە.

چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژانی داهاتوودا گفتوگۆکان چڕتر بکرێنەوە بۆ ئاوەڵی گرێکوێرەی سەرکەکمار و کابینەی دەیەم بە یەکەوە یان بە جیا بکرێنەوە.